# هەموو مرۆڤێک، بەبێ جیاوازی

**ئا: سۆزان عەلی**

**خۆشەویستی سەرچاوەیەکی گەورەی وزەی ژیانە**

**خۆشەویستەکەم پێمدەڵێ ئەگەرئێستا تامی خۆشەویستی نەکەین دواتر بەرپرسیارێتییەکانی ژیان لەبیرمانی دەباتەوە**

**خۆشەویستی پێناسەی جۆراوجۆری لە هەموو رەهەندە فکری و فەلسەفییەکانی بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی لەهەموان زیاتر گرنگی بە بوونی عەشق داوە عیرفانە کە تیایدا عەشق و خۆشویستن بە یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی عیرفان ناو دەهێندرێت و بە رێگەی گەیشتن بە خودا ناو دەبرێت، هەر بۆیەش عەشق لای عارف و سۆفی دەستەواژەیەکی پیرۆزە.بۆ ئەوەی پتر بەناو رەهەندەکانی ئەم هەستە ئینسانییەدا قوڵ بینەوە، لەم راپۆرتەدا ئەم دنیا ئەفسووناوییە بەسەر دەکەینەوە...**

**(هاوژین محەمەد)** لێکۆڵینەوەیەکی دەروونناسی لەسەر رەهەندەکانی خۆشەویستی ئەنجام داوە کە تیایدا بە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری هەستیار گەیشتووە.

هاوژین دەڵێ: لای من خۆشەویستی ئەو هەستەیە کە لە نەستی تاکدا ئامادە دەبێت و وەك وزەیەکی گەورەی لێدێت بۆ ژیان و هەندێك جار خۆشحاڵت دەکات و هەندێك جار یش دەتگەیەنێتە پلەی میحنەت و ئازار، هەموو مرۆڤێك بەبێ جیاوازی پێویستی بەم هەست و خۆشەویستییە هەیە، زۆر جار خۆشەویستی لە مرۆڤدا بەرز دەبێتەوە و دەگاتە پلەیەك کە دەشێ ناوی عەشقی لێ بنێین.

**(نازە رەئوف)** قوتابی زانکۆیە و دەربارەی سەربووردەی عەشقی خۆی دەڵێت: ماوەی پێنج ساڵە کوڕێکم خۆشدەوێت، ژوانمان پێکەوە هەیە و هەندێکجار سەردانی خوشکەکانی دەکەین، زۆربەی کەس و کارەکەی لەنزیکەوە دەمناسن و رەزامەندی خۆیان نیشان داوە لەوەی کە ژیانی هاوسەریی دروستبکەین، بەڵام کە باس دێتە سەر پرۆژەی هاوسەرگیری خۆشەویستەکەم پێمدەگۆڕێت و دەڵێت : با کەمێك لەزەت و خۆشی لەم پەیوەندییەمان ببینین، لەبەر ئەوەی دوایی بەرپرسیارێتی ژیان ناهێڵێت بیر لە خۆمان بکەینەوە.

(نازە) بەردەوام دەبێ لە ئاخاوتن و دەڵێ: بەردەوام لە نائارامی دەرونیدا دەژیم چونکە هەمیشە دڵە خورپەی ئەوەمە کێشەیەکمان بۆ بێتە پێش و ببێتە هۆی ئەوەی لەیەکتر داببڕێین. دڵە خورپەکەم زیاتر لەبەر ئەوەیە ئەگەر شتێکی لەم شێوەیە روو بدات، ئیتر ناتوانم جارێکی تر متمانە بە کەس بکەمەوە و خۆشەویستیم بۆ کوڕێکی تر هەبێت. ئێمە مێژوویەکی درێژمان لە خۆشەویستی تۆمار کردوە و هەمیشە خەون بەو ساتەوە دەبینم کە تێیدا بە ئارامی بسرەوم.کارەکتەری نازە بە شێوەیەکە کە زۆربەمان ئەزموونمان کردووە، (هاوژین محەمەد)، پسپۆری دەروون ناسی دەربارەی ئەو هەستەی نازە بۆ گەیشتن بە ئارامی دەڵێت ئەو هەستەی نازە لە ئەنجامی درێژبونەوەی زیاد لە پێویستی ماوەی خۆشەویستیاندایە و هەر بۆیەش بەم شێوەیە حەسرەت بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی دەخوازێت و هەڕەشەی ئەوە لە خۆی دەکات کە ناتوانێت و نابێت کەسی دووهەم بکەوێتە ناو ژیانیانەوە و دەوری کاراکتەری مەعشوقەی بۆ بگێڕێت. خۆشەویستی لای کچان ئەزمونێکی زۆر هەستیارە لەبەر ئەوەی کچان عاتیفیترن لە چاو کوڕاندا و هەر ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی هەمیشە هەڕەشەی جۆراوجۆر لە خۆی بکات کە ئەمەش تەنها مەترسی بۆسەر خودی خۆی دەبێت.

**سەناریا کچی ماڵەوە** و لەسەر پەیوەندییە پچڕاوەکەی ئازارێکی گەورە لەدڵی دایە و بە کوڵەوە دەڵێ: لەگەڵ کوڕە خاڵەکەم پەیوەندیی خۆشەویستیمان هەبوو، زۆرم خۆشدەویست،

# پێویستی بە خۆشەویستی هەیە

ئامـــادە بـــووم نان نەخـــۆم ئەگـــەر بیوتایە مەیخۆ، زۆری پێباش بوو ژیانی هاوســەری دروستبکەین، لە ماوەی دووساڵی پەیوەندیماندا دامان نابوو هاوینی ئەمساڵ زەماوەند بکەین بەڵام لە مانگی شەشـــدا لەخۆوە بیرکردنەوەم گـــۆڕا لـــە بەرانبەر ئـــەو هاوســـەرگیرییە چەندین بیانووی جۆراوجۆرم پێگرت بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو

خۆش نەبن.

(هاوژیـــن محەمەد) ئەو هەڵوێســـتەی سەناریا بە هەڵوێستێکی ژیرانە وەسف دەکات و دەڵێ «بڕیارەکەی (ســـەناریا) بڕیارێکی دروســـتە، چونکە مرۆڤ نابـــێ لە پێناوی هەســـتیدا منداڵێکی نوقسان بهێنێتە دنیاوە و تا کۆتایی تەمەنی هەم خۆی پێوەی گیرۆدە ببێـــت و هەم ئەو منداڵەش ئـــازار بچێژێت. ئەوە جۆرە سەرکەوتنێکە کە ئەقڵی (سەناریا) بەســـەر هەستیدا کردوویەتی و لە هەمان کاتیشدا ئازاری چێشتووە لەوەی کە ناتوانێـــت لەگەڵ ئەو کەسەی کە

بوون بەڵام، ئەوەی کە زۆر لێی دەترسم ئەوەیە کە دووان لەو کچانـــەی پەیوەندیم لەگەڵیان هەیە کچی پورمن و زۆر دەترسم ئاشکرا ببم ئەگەرچی زۆریان ڕق لەیەکترە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ترســـێکم لە دڵدایە» کامەران دەڵێ «زۆرم حـــەز لەم جـــۆرە پەیوەندیانەیە لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی و چێژی تایبەتی خۆیان هەیە، ژوان لەگەڵ زۆربەیان دروســـتدەکەم، وا خـــووم پێـــوە گرتووە ئـــەوا تەمەنم دەبێتە ٢٨ ســـاڵ بەڵام ناتوانم بیر لە هاوسەرگیری بکەمەوە.»

(هاوژیـــن محەمـــەد) ســـەبارەت بە پەیوەندییەکانـــی کامـــەران دەڵـــێ «ناکرێ ناوی ئەو پەیوەندییانە بنێین خۆشەویستی

**لە پەیوەندییەکانمدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم هاوسەرگیری نییە**



هاوسەرگیرییە سەر نەگرێت . هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەزموونێکی لەم شێوەیەم لەناو بنەماڵەکەماندا بینیبوو کە بەهۆی هاوسەرگیری خزمایەتییەوە برازایەکم هەڵگری نەخۆشی تالاســـیما بوو هەر بۆیە ڕاســـتەوخۆ بە کوڕە خاڵەکەم وت کە براکانی ئەو نەخۆشـــیەیان هەیە . بـــەڵام خاڵۆزاکەم نەیدەویســـت باوەڕ بەمـــە بهێنێت و پێداگری لەسەر هاوسەرگیری دەکرد بەڵام لە کۆتاییدا توانیـــم بە قەناعەتی بگەیەنـــم و وازمان لە یەکتر هێنـــا.زۆر جار هەندێـــك پاڵنەر هەیە کە مرۆڤەکان تووشـــی چارەنووسێکی نادیار دەکات کـــە لەوانەیە تا کۆتایـــی ژیانیان لە دۆخێکی ناجێگیـــری وادا بژین کە لەخۆیان

خۆشـــیدەوێت ژیان دروســـتبکات. ئەم جۆرە زاڵ بوونەی عەقڵ بەسەر هەستدا لە هەموو کەسێکدا دروســـت نابێت تەنها لەو کەسانەدا نەبێت کەخاوەنی هێزێکی دەروونی و ئەقڵانین. (کامەران محەمەد) کارمەندی ڕادیۆیەو باس لە پەیوەندی خۆشەویســـتی خۆی دەکات و دەڵێ «پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ چەند کچێك هەیە، ئەوەی ڕاستی بێت هەر کچێك بە جۆرێك سەیرم بکات ئەوەندەی ناز پێدەدەم و لێیی نزیك دەبمەوە تا بۆخۆی داوای پەیوەندیم لێدەکات بەڵام کە پەیوەندیشی لەگەڵ دەبەستم یەکەمین قسەم ئەوەیە کە داوای دروستکردنی ژیانی هاوسەریم لێنەکات، ئەوانەی کە ئێستا پەیوەندیـــم لەگەڵیان هەیە بەو مەرجەم ڕازی

بەڵکو ئەمە حەزە. (کامەران )حەزی لەچەندین کچ کـــردووە و کاتیان پێوە بەســـەر دەبات و بۆ مەرامـــە جۆراوجۆرەکانی بەکاریـــان دەهێنێ، ئەو کچانەش کە پەیوەندیان لەگەڵی هەیە بیر لەوە ناکەنەوە کە خەریکن کات بە کەسێکەوە بە فیڕۆ دەدەن کە دڵنیای کردوونە زەماوەندیان لەگەڵ ناکات. ئەم نا هوشـــیارییە دەبێتە هۆی ئەوەی چەند کەسایەتی جیاواز لە یەکتر لەناو دەروونی ئەم کەسانەدا دروست ببێت و لە ئەنجامدا سەرگەردانی و ئاڵۆزی دەروونی لێدەکەوێتەوە . بۆیە لە کۆتاییدا کاتێك بیر لەوە دەکەنەوە بۆ خۆیان بژین ئیتر هیچ بنەمایەکی ئەخلاقییان دەســـتناکەوێ کەسایەتی خۆیانی لەســـەر بنیات بنێن و بە بنبەستێکی دەروونی دەگەن کە زۆر جار لەدەســـتدانی کەســـایەتی لێدەکەوێتەوە..

# پیاوەکەم بێموبالاتانە تەڵاقی دام

دوای هەشت سالان لە ژیانی هاوسەریتی، دوای ئەوەی بوومە خاوەنی سێ منداڵ، ئەو پیاوەی کە بە هەموو شێوەیەك لەگەڵی بووم و هاودەم و هاو خەمی بووم، رۆژگارێکی دوور و درێژی ژیانی هاوسەریم بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، لەگەڵی بەسەر برد و کەچی وەك ئەوەی کە شتێکی زۆر سووك سادەی بکات، لە دادگا لەبەردەم دادوەر، بەئاسانی گوتی : جەنابی دادوەر من ژنەکەی خۆم لە دەرەوەی دادگا لە بەردەم دوو شاهێد تەڵاق داوە و ئامادەشم هەموو مافێکی یاسایی بدەمێ و هیچ لارییەکیشم نییە کە هەرچی داوا بکات . من زمانم گیرا بوو، لە حەژمەتی ئەو هەڵوێستەی پیاوەکەم . دادوەر پرسیاری لێکردم و بەلام هەر هێندە دەزانم و بە بیرم دێ کە گوتم : مافەکانی خۆم هەموویم لێدەوێ بژێوی منداڵەکانیشم بۆ دابین بکات و دەمەوێ خۆم منداڵکانم بە خێو بکەم . کاتێکی زۆر بوو یا کەم ئاگام لێنەبوو، کە هاتینە دەرەوە و زۆر روو قەیمانە و بێموبالاتانە، بە بەردەممدا رۆیشت و تەنانەت بێئەوەی ئاوڕێکیشم لێبداتەوە، پشتی تێکردم و رۆیشت . ئیدی هەر ئەو رۆیشتنە بوو و جارێکی رووی نەکرد بەلامەوە . ئەمە قسەکانی (بەهیە)ی سی و پێنج ساڵە بوو کە بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە . ئێمە بیستبوومان کە هەندێ پیاو هەن زۆر بە ئاسانی ئامادەن لە سەر هۆی سادە ژنەکانیان تەڵاق بدەن بە چاو پۆشین لەوەی کە منداڵیان هەیە، یا ئەو ژنە دواتر چۆن دەژی و ژیان لەگەڵ منداڵەکانی بەسەر دەبات کە پێش ئەوەی منداڵی ژنەکە بن منداڵی خۆیین . بڕوامان نەدەکرد، بەڵام کە گوێبیستی کەیسەکەی (بەهیە)خانم بووین، بە تەواوەتی بڕوامان بەم قسەیە هات . دەگەڕێینەوە لای (بەهیە) و گوێ لە درێژەی باسەکەی دەگرین، ئەویش درێژەی پێدا و گوتی : رەنگە پێتان سەیر بێ کە بڵێم هۆی تەڵاق دانی من لەسەر ئەوە بوو کە داوای ماڵی سەر بەخۆم لێیکرد کە پتر لە هەشت ساڵە لەگەڵ ماڵی باوکی دەژیم، بەڵام باوکی رازی نەبوو مێردەکەم ماڵم بۆ دابنێت . دەزانن هۆیەکەی چبوو، هەر لەبەر ئەوەبوو کە من وەك خزمەتکار لەو ماڵە هەمیشە لە خزمەت کردنیاندا بووم . داواکردنی ماڵی هاوسەری وەك ئەوە وابوو کە من بڵێم ئیتر بەسە خزمەتکاری . بەڕاستی بە هیچ شتێك رانەدەگەیشتم، نەمدەزانی خزمەتی مێرد و منداڵەکانم بکەم یا خزمەتی خەسووم و خەزوورم بکەم . ئەوجا خۆ بریا هەر خزمەتکردن بوایە و بەس . بڕوا بکەن قسە رەقەکانی خەسووم و فەرمانە کۆتایی نەهاتووەکانی خەزوورم وەکو ئەوە وا بوو هەموو رۆژێك زەهراوم دەرخوارد بدەن . لە هەمووشی سەیرتر هەڵوێستە ترسنۆکەکانی ئەو مێردە بێوەفایەم بوو، کە ئەویش وەکو خزمەتکار تەماشای دەکردم و دایك و باوکی بە سەر مندا دەسەپاند و ئەوانی لە سەرمن زاڵدەکرد . ئەوجا بریا تۆزیکیش باشبوونایە لەگەڵم، دەمگوت قەیدی ناکات دەمگوت وەك دایکم و باوکمن . ئیدی ئەوە بوو، باجی داواکارییەکەم تەڵاقدانم بوو .






## هەر دایک شایانی ئەوەیە منداڵ لە باوەش بگرێ

ڕازاو ئەحمەد

دایك و منداڵ دوو دوانەن لەیەك جیا نابنەوە . چونكە دایك بەوە ناسراوە كە سەرچاوەی سۆزێكی بێگەرد و هەستێكی پڕ لە میهرەبانانەیە و، ئەوە كە هەمیشە لە خەمی كۆرپەكەیەتی و دڵی بۆی لێدەدات، ئەوە كە نۆ مانگان لە منداڵدانی خۆیدا هەڵیدەگرێ و ئازاری پێدەچێژێ و سەرچاوەی ژیانیەتی . ئەویشە دنیایەك ئازار بەدەست لەدایكبوونیەوە دەبینێ . ئەی هەر دایك نییە كە شیر بەمنداڵەكەی دەدات و بەم شیرەش گۆشی دەكات و نەشونما دەكات و گەورە دەبێ . ئەی هەر ئەو نییە بە دەم شەونخونییەوە شەوەهای شەو خەوی شیرین لە خۆی حەرام دەكات بە دیارییەوە ئێشك دەگرێ دەبێ ..؟؟ منداڵ لەگەڵ هەر ئازارێكی یا نارەحەتییەكی یەكەمجار خورپە لە دڵی دایكییەوە هەڵدەستێ . بۆیە لە حاڵەتەكانی كێشمەكێشی نێوان دایك و باوك كاتێك تەڵاقیان لە نێواندا روودەدات، كاتێك لێكجیا دەبنەوە و هەقە بەبێ (سین و جیم) دادگا منداڵ بداتە دایك . چونكە ئەوەی بە دایك دەكرێت بە باوك ناكرێت .سروشت ئەو توانای دایەنییەی تەنیا بە دایك داوە و ئەوەش فەزڵێكی خوداییە كە یەزدانی مەزن بە دایكی داوە بە باوكی نەداوە . بۆیە من لەگەڵ ئەوەم مافی (باوەشگری ـ الحضانە) تەنیا و تەنیا بدریتە دایك نەك باوك، بەڵام بەبێ ئەوەی باوك لە مافی باوكایەتی، كە مافێكی بێ ئەملا و ئەولای خۆیەتی بێبەش بكات . بەبێ ئەوەی مافی باوك لە سەرپەرشتی كردن و سۆزی باوكایەتی بێبەش بكرێت .

## باشتر نییە مافی باوەشگری بدرێتە باوکیش

هێرش مەحمود

سەیرە كەسانێك هەبن باوك وەك كەسێكی بێهەست و نەست نیشان بدەن یان، وا وێنای باوك بكەن وەك ئەوەی دوژمنی منداڵەكانی بێت و لەو بڕوایە دابن كە باوك هەقی باوەشگری منداڵەكانی نەبێت . لەڕاستیدا كێشەی باوەشگری لەو كاتەدا پەیدا دەبێت كە ژن و مێرد لێكجیا دەبنەوە و ناكۆكیان لەسەر داواكردنی منداڵ لێپەیدا دەبێت . هەر لایە داوا دەكات منداڵەكەی بدرێتە ئەو .. راستە دایك لە پێشترە لە هەر كەسێكی تر بۆ وەرگرتنی منداڵەكەی، بەڵام ئایا باوكیش سەبەبی پەیدابوونی منداڵ نییە ؟؟ بۆ مافی ئەوەی نەبێت ئەویش شانبەشانی دایك بە یەكەوە، با لەیەكیش جیا بووببنەوە، لە منداڵەكانیان نزیك ببن ؟ ئەوەی ئێستا لە دادگاكاندا دەیبینین ئەوەیە كە لە دەیان كەیس هەبووە كە ناكۆكی لە سەر منداڵ كەوتۆتە نێوان دایك و باوكی لێكجیا بۆوە، بە زۆری باوك تیایدا زەرەرمەند بووە و حاڵەتیش هەبووە هەر لەبینینی منداڵەكەشی مەحروم كراوە . بۆیە بۆ ئەوەی لە كێشەی وەهادا منداڵ نەكرێتە هۆیەك بۆ زەرەر گەیاندن هەم بە منداڵ و هەمیش بە دایك و باوكان با هەردوو لایان بەبێ جیاوازی ئەم مافەیان بدرێتی كە بە نەك ئەو خێزانە قازانج دەكەن بەڵكو دادگاكانیش قازانج دەكەن و سەریان سووك دەبێ و ئەو جۆرە كێشانەشیان لە كۆڵدەبێتەوە.

**بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**

Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com

# ئەو كچەی رۆژگار كردی بە ئافرەتێكی لەشفرۆش

ئا: دیار سالار توێژەری كۆمەڵایەتی



(س) كچێی تەمەن شـــازدە ساڵان بوو تازە دەچووە ناوقۆناغـــی هەرزەكارییەوە و قوتابـــی ســـێیەمی ناوەندی بوو لەساڵی (٢٠٠٨) وردە ورردە توانا سێكسییەكانی تازە هەراش دەبن، ئەمیش لـــە كۆمەڵگەیەكی داخـــراودا دەژی و لەخێزانێكـــی تـــا رادەیـــەك مام ناوەندیـــە، (س) كچێـــك بـــوو زۆر ئارەزووی خوێندنی نەبوو باری ئابووری خێزانەكەشیان نالەبار بوو، باوكی خانەنشین بوو دایكشیی فەرمانبەر بـــوو، پێكهاتـــەی خێزانەكەیان بەشێوەیەك بوو باوكیان پیاوێكی بێتواناو پەككەوتەبـــوو، هەروەها نەخۆشی درێژخایەنی هەبوو توانای دابینكردنـــی پـــارەی بۆخێزانەكەیان نەبـــوو، لەبـــەر ئـــەوە دایكیـــان دوای دەوامـــی فەرمانگەی حكومی لەیەكێك لـــە ســـوپەرماركێتەكاندا كاری دەكرد و درەنگانی شـــەو دەگەڕایـــەوە، ئێمەش خۆمان وەك ئەندامێكی ئەم كۆمەڵگەیە دەزانین كە چۆن ئافرەتێك ئەكەر درەنگ بێتەماڵەوە كۆمەڵگەی ئێمە چۆن لیێی دەڕوانێت و شـــیكردنەوەی كۆ مە ڵگـە دەربـــارەی

ئەوخێزانەکە چۆن دەبێت.

(س)ینیش بەباڵا شۆخ و شەنگەکەیەوە کاتێك هەموو بەیانییەك دەچوو بۆ قوتابخانە سەرنجی زۆرێك لە گەنجانی بەلای خۆیدا راکێشابوو، هەموو چاوەڕێی بوون رۆژێك وەك نێچیرێکی باش بەردەستیان بکەوێت، بەتایبەتی چەند گەنجێکی داوێن پیس ماڵیان لەو گەڕەکەبوو تەماحیان کردبووە (س) وەك کچێکی جوان و شۆخ و شەنگ و دەیانویست وەك سەدان کچی تری ئەم وڵاتە لە خشتەی بەرن، دایکی (س) لەئەنجامی ئەو ئەرك و بار قورسیەی کە کەوتبووە سەر شانی، نەیدەتوانی بە بەردەوامی ئاگاداری منداڵەکانی بێت و باوکیشی پیاوێکی تابلێی خاوەن رەوشت و ئاییندار و رێکوپێك بوو، بەڵام بەهۆی نالەباری باری تەندروستیەوە چاودێری خێزانەکەی پێنەدەکرا.

رۆژێکیان (س) دەچوو بۆ قوتابخانە، لەرێگا گەنجێکی داوێن پیس ماڵیان لەو گەڕەکەبوو، هاتە سەر رێگای (س) داوای خۆشەویستی لێکرد وەك خۆمان دەزانین (س)ینیش کچێکی تازە بێگەشیتووە توانای سێکی تازە هەراش دەبێ یەکسەر بە داوای کوڕەکە رازی بوو، پاشان کوڕەی نەفس نزم و داوێن پیس وردە وردە قسەی لەگەڵ دەکرد و لەسەر رێگای قوتابخانەو پاشان قەناعەتی بە(س) هێنا کەلە کاتی دەوام دا نەچێتە ناو قوتابخانەو بەیەکەوە بن لە دەوروپشتی قوتابخانەکان، دواتر بە وتەی(س) خۆی هانی دا بەیەکەوە بچنە دەرەوەو جلی تر بهێنێت بێجگە لە جلی قوتابخانە بەیەکەوە چوون بۆ پیاسە بە ئۆتۆمبێلی کوڕەکە پاشان بردیە شوێنە دوورەکان کەوتە ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵیدا.

(س) وتی هەموو رۆژێك دەهات بەدوامدا و منی دەبرد بۆ دەرەوەو منیش وامدەزانی درۆم لەگەڵ ناکات و دێتە داوام، دوای ئە م ماوەیە رۆژانە دەچووین بۆ دەرەوە، هەندێکجار دەترسام کە خەڵك بمبینێت، بەڵام قسەکانی ئەو گەنجە تاوانبارە وەك ساحرو جاد و وەهابوو.

پاش ماوەیەك رۆژێکیان برادەرێکم پێی وتم کە لە ئەنجامی نەچوونەوەی بەردەوامم بۆ قوتابخانە فەصل کراوم سەرەتا زۆر بێزار بووم، بەڵام دواتر لەگەڵ هەمان کوڕدا چووینە دەرەوە وردە وردە بەکارە نابەجێیەکەم خەریك بووم.

ئیتر پاش ماوەیەك بەتایبەتی کە دەچوومە ناو برادەرەکانمەوە لەگەڵ کچەکانی دراوسێدا هەستم بەوە دەکرد کە هەندێکیان خەریکە وردە وردە لێم دوور دەکەونەوە و خۆیان لەمن لادەدەن.

رۆژێك لەرۆژان لەماڵەوەو بووم هەستم کرد ئازارێك لە ناو گیانمدا پەیدابوو کاتێك لەگەڵ خوشکەکەمدا چوومە لای پزیشك بە مەبەستی پشکنین، پزیشکەکە پێی وتین کە من سکم دوو مانگە، ئیتر من و خوشکەکەم زۆر شۆك بووین، بەڵام پاش رۆژێك بڕیارم دا بچم بۆ لای کوڕەکە تا بێتە داخوازیم بۆئەوەی ئابڕوی خۆم بکڕمەوە، بەڵام کوڕەکە زۆر نامەردانە بە روویەکی زۆر ناشرین و نامرۆڤانەوە پێی وتم تۆ زۆر نەزانی وادەزانی کە دوای ئەم هەموو کارە سێکسیەی کە ئەنجامان داوە بەتەمای بێم بتخوازم، زۆر هەڵەی هەزاران کچی وەك تۆم لە رێگا لاداو کردوومنەتە ئافرەتی لەشفرۆش، پاشان وێنەیەکی منی دەرهێنا کە بەبێ جل و بەرگ گرتبووی و وتی سەرجەم کارە سێکسییەکانیشی وێنە گرتووە، ئیتر من دەستم بە گریان کرد بەپەلە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو شەوە نەمزانی چۆن رۆژم لێبۆوەو بەیانی ئەم رووداوەم بۆ دایکم گێڕایەوە، دایکم یەکسەر رەنگی تێکچوو پێی وتم کچم بۆوات بەسەر خۆت هێنا، بۆ رۆژی خۆت گەیاندە ئەمڕۆ. پاش چەند رۆژێك دایکم پێی وتم لەگەڵ باوکت باسی ئەم مەسەلەیەمان کردووە دەبێت بەم نزیکانە تۆ منداڵەکە لەناو بەریت و دوای ماوەیەك منداڵەکەم لەبار خۆم بردو هەموو شتەکان ئاشکرابوون کەمن کردبووم، سەرەڕای ئابڕوچوونم لە قوتابخانەش فەصڵ کرام لەبەر زۆری رێژەی ئامادەنەبوونم.

بۆساڵی دواتر گەڕامەوە بۆ قوتابخانەو ئیتر توانیم وردە وردە لەگەڵ بارەکە خۆم رابهێنمەوە، بەڵام کوڕان سەر رێگای رۆشتنیان لێدەگرتم لەبەر ئەوەی کە کوڕە تاوانبارەکە ناومی زڕاندبوو وێنەکەمی بڵاو کردبۆوەو ناوبانگم لە گەڕەك و لە قوتابخانە بەتەواوەتی زڕابوو، تەنانەت کەس برادەرایەتی نەدەکردم، تەنیا یەك کچ نەبێت کەلەگەڵمدا دەگەڕا تا رۆژێکیان پێی وتم ئیتر ناتوانێت لەگەڵمدابگەڕێت و لەبەر ئەوەی براکەی ئاگاداری کردۆتەوە کەنابێت لەگەڵمندا بێت، لەبەر ئەوەی کە من ناوبانگێکی خراپم هەیەو وێنەکەم بە مۆبایل لەناو کوڕان دا بڵاو بۆتەوە، بۆیە نابێت لەگەڵمدابێت.

بۆیە تادەهات قەیرانێکی دەروونی لەسەرم دروست دەبوو، رۆژانە دراوسێیەکانمان تیر و توانجیان تێدەگرتم و قسەیان پێدەوتین و ئازاری دەروونی نەك من بەڵکو ئازاری دەروونی باوك و دایك و هەموو خێزانەکەشیان دەدا و تەنانەت باوکم لە شەرمی ئەم رووداوەی کەبەسەر من هات نەدەچووە ناو برادەرەکانیەوە لەبەر ئەوەی تیر و توانج و قسەی ناپەسەندی ئاڕاستە نەکەن و تەنانەت خوشکەکانیشم بوونە قوربانی، ئەوانیش ناویان زڕابوو.

لەئەنجامی ئەم گەمارۆ کۆمەڵایەتی و دەرونیەی کە کۆمەڵگە لەسەر من و خێزانەکەم دروستیان کردبوو، تەواو ژیانمان تاڵبوو.

خەڵکی ئەوندە بێڕەحم بوو نەمدەتوانی بە رێگادا بڕۆم و بچمە دەرەوە لەبەر قسەو قسەڵۆکی خەڵك.

تا لە ئەنجامدا کاردانەوەیەکی وەها لەلام دروست بوو منیش بڕیارمدا ئەمجارەیان کە هەر کوڕێك هاتە سەر رێگەم لەگەڵیدا بڕۆم و دەست بکەمەوە بە کاری سێکسی، چونکە من هەڵەیەکی بچووکم کرد کۆمەڵگە ئاوەها سزام دەدات، ئیتر بڕیارمدا رۆژانە لەگەڵ کوڕانی گەنج دا بڕۆم و کاری سێکیی ئەنجام بدەم، چونکە بەڕاستی کۆمەڵگە زۆر دڵرەقە، وەها بڕیارم دا مادام من کە ناوم زڕاوە بە لەشفرۆش ناسراوم، با ئەمکارە بکەمە پیشە، هەرچەندە بڕیارم دابوو چیتر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەمەوە، بەڵام کۆمەڵگە هەر سوورن لە ئازاردانی ئێمەی ئافرەت.

ئێستا من لەبەر ئەوەی کە ئافرەتێکی لەشفرۆش بووم، بوومەتە تاوانبار و رۆژم بەم رۆژە رەشە گەیشت.